

## وون بوون...هۆنراوەی شاڵاو..1998 لە سوێد

**وەکو گەڵای ئەو درەختەم کەبادەییا لە دوای پایز**
**وەکو گوڵی ئەونێرگزەم بەجێ مابێ لەدوای ئازیز**
**وەکو دەریاشە پۆڵ دەدەم بە گریانم هەراسانم**
**بەچوا ردەورم گێژەن دەخۆم چی بەسەرهات دەزگیرانم**
**دەزگیرانم وەك وپەری لە کەناری خۆرئاوابوون**
**بە بێ بزەی ماڵئاویی لەدەستم دەرچووە بێ شوون**
**ئەو ڕۆژانەی بە یەکەوە پەڕەی گوڵمان هەڵدەوەراند**
**ئەو ڕۆژانەی لەلێوی یەك ماچی بەهاریمان دەچاند**
**ئەوساتانەی وەکو سۆزی عەشقی شەوی دووری وولات**
**ئەو کاتانەی بە یەکەوە خەم لەبەر پێمان هەڵدەهات**
**ئێستا ئێرە ووشکە بۆ من وەکو وەرزی گەڵاوەریو**
**ئێستا پێکی پەشیمانیم ئەنۆشم لەداخی ئەوین**
**ئازارێکی پڕ گریانم چاوی ڕۆژم قەت هەڵنا یێ**
**برینێکی بە جێ ماوم لە دوای یارم کەچی نایێ**
**بگەڕێوە تا کو دەستی باخچەو بەهارلێرە بگرین**
**بگەرێوە لە غەریبی باچیدی بۆ یەکتر نەگرین**
**وەرەوە وەرەوە دەردی دڵ چارە کەین**
**دەردی دڵ گرانە و بائیتر چارەی کەین**
**با ئیتر نەسووتێین هەردووکمان تاکو هەین**

www.shallaw.info.se

**ئەم هۆنراوەیە لە لایەن زەکەریاوە کراوە بە گۆرانی**